مەسرور بارزانی:-بەردەوام لەگەڵ بڕیز سوودانی لە پەیوەندیدام و شاندەکانی دانوستانکاریش بەردەوامن بۆ وڵانانی کێشەکان

مەسرور بارزانی، سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، هەرێم قیرانی سڵختی ئابوری تێپەڕاند و هەمو هەوڵەکیان خستوتەگەڕ تاوەکو کێشەی موچە بهێنن، بەردەوام لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق لەسەر هەڵن بۆ بڵاوەنانی کێشەکان

مەسرور بارزانی ئەمڕۆ لەو وتارەکدا لەمیانی کردنەوەی پردی دێربندی ڕانیە - بنگرد ڕایگەیاند، "دەستخێشی لە وەزارەتی ئاودانکردنەوە و نیشتەجێکردن و کەمپانیای جێبەجێکار دەکەم بۆ ئەنجامدانی ئەم پڕۆژە گرنگە کە بۆ گومان سودەکی زۆر بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە دەگەیەنێت و سنوری پشدەر و بەتوێن و مەرگە پەکەوە دەبەستێنەوە، ئەمە سودەکی زۆری دەبێت بۆ هاتوچۆی هاوڵاتیان و ئاسانکاری بۆ هاتوچۆی هاوڵاتیان دەکات؛ هەروەها سودەکی زۆری دەبێت بۆ گواستنەوەی بەروبومی جوتیاران لە ناوچەکە، هەروەها یارمەتی گەشەسەندنی گەشتیاریی لەم دەڤەرە دەدات".

ئاماژەی بەوەشکرد، "چوار ساڵ لەمەوبەر لە بارودۆخێکی سڵختی دارایی و تێندروستی بەهۆی بڵاوبونەوەی ڤایرەسی کۆرۆنا و ئەو قیرانە ئابوریەی توشی هەرێمی کوردستان بو، ئەمە لەو کاتە بڕیاری بناغەی ئەم پڕۆژەیەمان دانا کە خۆشبختانە لە ماوەی دیاریکراوی خێیدا تەواو کرا و خرایە خزمەتی هاوڵاتیان، ئەمە بۆ ئەمە مایەی شانازی و پڕ زانینە".

مەسرور بارزانی ئەوەشی وت، "ئەم پرۆژە گرنگە بۆ تواوی لایەن توانا ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان جێبەجێ کراوە، خۆشبەختانە ئەمڕۆ شاهیدی ئەوەین کە توانا ناوخۆییەکان لە بواری دروستکردنی ڕێگاوبان گۆشیان سندوە و کواڵێتیی ڕێگا و پردەکان زۆر باشتر بوە".

باسی لەوەشکرد، "پلان و بەرنامەمان هەیە بۆ خزمەتی کەرتی ڕێگوبان لە هەمو ناوچەکانی کوردستان، خوا یار بێت بۆ باشتربونی دۆخی دارایی، تێی ڕێگوبانی هەرێم کە شادەماری ئابوریی هەرێمن، بۆپێی ستاندارد نەودوواتییەکان زیاتر پێش دۆخەین، خێکی ئەم دۆقرە وك ناوچەکانی دیکەی کوردستان بگومان هەمومان دۆزانین کە قوربانییەکی یەکجار زۆریان داوە لەپێناو ئازادی و بەدەستهێنانی دەستکەوتە نیشتمانییەکان، بۆیە خێکی ئەم دۆقرە، شایستەی زیاتر خزمەتکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارین".

ڕونیشیکردەوە، "لەم ڕوەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوار ساڵی ڕابردودا لە چوارچێوەی توانای بەردەست، چەندین پڕۆژەی جێراوجێری لەم دۆقرە و ناوچەکانی دیکەی کوردستان ئەنجام داوە و بەردەوامیش دەبین لە خزمەتکردنی زیاتری خێکی ئەم ناوچەیە".

پەیوەست بەە دۆخی ئابوری هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی وتی، "لە چەند ساڵی ڕابردو، بارودۆخ و قەیرانی سەختی ئابوری و دارایمان تێپەاندوە، لەڕدا جارکی دیکەش سوپاسی خێاگریی هاوڵاتیانی خۆشویست دەکەم، ئەمە هەمو هەوڵکانمان خستەتە گەڕ و هەمو تواناکانی خۆمان بەکار هێناوە بۆ ئەوەی کەتایی بەم دۆخە سەختە ئابوریە بهێنین، بە تایبەت موچەی هاوڵاتیان کە لە کاتی خۆیدا بدرێت، هەوڵمان داوە کۆشکانمان لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵی لەسەر بنەمای دەستور و ڕێککەوتنکانی نێوانمان چارەسەر ببن، بە ئەوەی ماف دەستوری و شایستە دارایکانمان دابین بکرێن و زیاتر خزمەتی خێکی کوردستان بکەین".

وتیشی، "بەردەوام لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی فیدڕاڵ محەمەد شیاع سودانی لە پەیوندیدام و شاندکانی دانوستانکاریش بەردەوامن بۆ وڵاوەنانی کێسپکان و لەم بوارە داین، کە دەتوانین پکەوە لەسەر بنەمای دەستور و بڕڕەوندیی گشتیی هاوڵاتیان، سەروەت و سامانی عێراق و هەرێمی کوردستان، بۆ خزمەتی هەمو هاوڵاتیان و پێشخستنی ئاستی خزمەتگوزارییەکان بەکار بهێنین و پگەی ئابوریی عێراق و هەرێم لە ناوچەکدا بەرز بکەینەوە".